# فیدراڵی...سیستمێکی جێبەجێنەکراو لە عێراقدا

04-03-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هێزە سوننییەکان هەرجارناجارێك باسی دامەزراندنی هەرێمی سوننە دێننە پێشەوە. راستییەکەی هیشتا روون نییە کە ئەوە دواجار چی بەسەر دێت بەڵام پێدەچێت بابەتی درووستکردنی هەرێمی سوننە زیاتر لەوەی کە ستراتیژی هەموو لایەنەکان بێت،

**بەرایی**

هێزە سوننییەکان هەرجارناجارێك باسی دامەزراندنی هەرێمی سوننە دێننە پێشەوە. راستییەکەی هێشتا روون نییە کە ئەوە دواجار چی بەسەر دێت بەڵام پێدەچێت بابەتی درووستکردنی هەرێمی سوننە زیاتر لەوەی کە ستراتیژی هەمموو لایەنەکان بێت، کارێکی گوشاری سیاسی بێت.  جاران سوننەکان دژایەتی دامەزراندنی هەرێمیان لە عێراق دەکرد، دواتر لە سەلاحەدین و ماوەیەکیش لە نەینەوا ئەو خواستە هەبوو. تەنانەت هەندیك لە سوننەکانی ئەنباریش، زیاتر لە هەرێمی سوننە باس لە پێویستی درووستکردنی هەرێمی عەرەبی دەکەن. راستییەکەی ئەوەیە کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی سوننە لە عێراق، سەبارەت بە فیدراڵی تەواو یەکڕانین، ئەمەش لە کاتێکدایە کە فیدراڵی و درووستکردنی هەرێمی نوێ لە عیراق لەڕووی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە لە قازانجی ئەواندایە.

**فیدراڵی هەرێمەکان وهەڵوێستی کوتلەکان**

کاتێک کۆنگرەی دامەزراندنی هەرێمی سەڵاحەدین بە پشتبەستن بە ماددەی ۱۱۹ و برگەی دووەم لە دەستووری عێراقی لە ١٤ شوباتی ٢٠١٢ داوایەکی بە پشتگیری ٢% کۆمسیۆن  پێشکەشکرد و، پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە و بەسرە ئەم لایەنە یاسایی و دەستوورییەیان لە ماددەی ۱۱۹ و برگەی یەکەمی گرتەبەر، زۆربەی لایەن وکوتلە سیاسیە شیعی وسوننیەکان دژ بەم داوا و هەوڵانە بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگاکان وەستاونەوە. لە ناوشیعەکاندا  دەوڵەتی یاسا، بەدر و فەسائیلەکان بە تایبەتی عەسائیب دژی وەستانەوە. ئەمەش بێجگە لەوەی کە نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بەڕوونی دژایەتی خۆی بۆ دامەزراندنی هەرێمی نوێ ڕاگەیاندبوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەی پارتە سەرەکییەکانی شیعە یان خۆیان لە باسی فیدراڵی دەدزنەوە یان دژایەتیی دەکەن.

بێجگە لەوە، لە ناو سوننەکانیشدا یەکدەنگییەك لەسەر ئەو بابەتە لە ئارادا نییە. حزبی ئیسلامی، حەلبوسی وزۆربەی پەرلەمانتارانی سوننە، ئەبومازن، عەممار یوسف، محەمەد تەقی ،موسەننا عەبدولسەمەد دژی بوون. هەروەها پەرلەمانتارانی ئەنبارودیالەش بە هەمان شێوە دژایەتی خۆیان بۆ بە هەرێمکردنی سەڵاحەدین و پارێزگاکانی دیکە دەربڕی. بەڵام لە ئێستادا کەسایەتیەکان وهەڵوێستەکانیش گۆڕاون. بۆ نموونە کوتلەی نوجەیفی لە ٢٠١١ داوای هەرێمی نەینەوای دەکرد کەچی ئێستا دژیەتی.

**سوودەکانی  هەرێمەکان لە دەستووری عێراقدا**

فیدراڵی بە چارەسەری دامەزراوەیی زۆربەی ئەو کێشانە دادەنرێت کە بەهۆی فراوانبوونی جوگرافیای وڵاتان وهەمەجۆریی نەتەوەیی و ئێتنییانەوە لە ئارادایە. رەنگە فراوانبوونی جوگرافیای وڵاتێك رێگربێت لەوەی کە هەموو هاوڵاتیان بەشداری لە درووستکردنی دیدی سیاسیدا بکەن.  لە سیستمی مەرکەزیدا دەنگ وداواکاریەکانی هاووڵاتیان ناگات بە دەسەڵات و نوخبەی دەسەڵاتدار دەست بەسەر پرۆسەی سیاسیدا دەگرێت. لە ئەنجامدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرە سیاسەتێک بەرهەم بێنێت کە خەڵک نایەوێت وگونجاویش نیە بۆ جێبەجێکردن، ئەمە جگەلەوەی کە زیان بە کۆی سیستەمە سیاسیەکە دەگەیەنێت و وادەکات رۆڵەکانی متمانەیان پێی نەمێنێت. لێرەوەیە کە فیدراڵی دێت وکێشەکان چارەسەردەکات، چونکە رێگە بە هەمووان دەدات کە لەسەر ئاستی ویلایەت بێت یان هەرێمێکی فیدراڵی مومارەسەی دەسەڵاتە راستەقینەکانیان بکەن و، دەرفەتی زیاتر بە خەڵک بدرێت لە مومارەسەی چاودێری دیموکراسی و داڕشتنەوەی سیاسەت و یاساکان بەپێی پێویستیەکانیان بەشداربن.

سیستەمی فیدراڵی باڵادەستیی پارتە دەسەڵاتدارەکان تێکدەشکێنێت و پارێزگاکان لە بازنەی دەست گرتن بەسەر بڕیاری دارایی وئیداری لادەبات و رێگە بۆ گەشەکردنی حزب و کەسایەتی جێگرەوە خۆشدەکات بۆ کێبڕکێ لەسەر ئیدارەدانی ناوچە فیدراڵیەکان چونکە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیتیحادی پاوانخواز لادەبات و دەوڵەتی لا مەرکەزی بەرهەمدێنێت.

دەستووری عێراقی مافی بە هەموو پارێزگاکان داوە کە هەرێم دروست بکەن چونکە کاریگەری باشی لەسەر ژیانی خەڵکی عێراق هەیە، هەروەک لە ماددەکانی (۱۱۷، ۱۱۸، ۱۱۹،۱۲۰ و ۱۲۱) ئاماژەی پێکراوە، کەچی بەشێك لە نووسەرانی ئەم دەستوورە ئێستا دژی ئەم سیستەمەن. ئایا ئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرەکە لەژێر پێی حکومەتی مەرکەزی بەغدا دەردێنێت؟ یاخود هۆکاری دیکەی سیاسی، تائیفی یان کۆمەڵایەتی هەیە؟ فیدراڵی و سیستەمی حوکمڕانی هەرێمەکان و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکان جیهاندا بوون بە ئەمری واقیع، پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا لەبەرژەوەندی باڵای گەلەکەیەتی، لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگایەک یان زیاترە کە حەزدەکەن

ببنە هەرێمێکی فیدراڵی دووربن لە هەژموونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی. ئەمەش یاریدەدەر دەبێت بۆ دروستکردنی حکومەتێک کە شەفاف و ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بێت بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی خەڵک لە هەموو پارێزگایەکدا کە دەیانەوێت هەرێمێك درووستبکەن.

پارێزگاکانی باکوور بەم ئەزموونەوە پێش ئێمە کەوتن و هەرێمی کوردستان بوو بە مۆدێلێک کە لەرووی هەیکەل وئابووری و ئیدارییەوە چاوی لێبکەیت. ئەم رێگە دیموکراسیە بووە بە گەرەنتی راستەقینە بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان و پێشکەوتن لە هەموو پارێزگاکان و لەرێگەی رۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگا لە بەشداریکردنیان لە ئیدارەدانی پارێزگاکانیان و گەیاندنی ئەوەی پێویستیانە لە ئەنجومەنەکانیان. سیستەمی فیدراڵی هانی ئەندامانی کۆمەڵگا دەدات کە زۆر بە باشی سەرچاوە لۆکاڵی، مرۆیی، سروشتی و داراییەکانیان بەکاربێنن بۆ گەشەپێدانی هەرێمەکەیان. هەروەها پێویستی و خەونەکانی دانیشتوان لە هەموو یەکەیەکی ئیداری دێنێتە دی ولەدواجاریشدا دەبێتە هۆی زیاتر بوونی داهاتی خۆماڵی وبەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی و بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵک.ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بە شێوەیەکی نەرم ونائاڵۆز لەنێوان پارێزگاکان وهەرێمەکانی دراوسێدا، هەروەها یاریدەر دەبێت لەسەر پارچەنەبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر پارێزگایەک بە تایبەتی پارێزگای سەڵاحەدین ونەینەواو دیالە ئەمەش دوای دڵنیابوون لەوەی کە نیازێک هەیە بۆ لەتکردنی ئەم پارێزگایانەو گۆڕینی قەزاکانی بۆ پارێزگا.

بە هۆی جێبەجێنەکردنی فیدراڵییەوە پارێزگایەکی وەکوو سەلاحەدین لە ریشەوە زیانی پێگەیشتووە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی. تاکو ماڵێک لەسەڵاحەدین دروستکراوە  دانەیەک یان دووان لەریشەوە دەرهێنراون، ئەمەش مەسەلەیەکی دیارە، چونکە سەرۆکی پێشووی عێراق خەڵکی ئەم پارێزگایەیە. هەروەها دەستگیراوە بەسەر زۆرێک لە موڵکی خەڵکی پارێزگاکە بەشێوەی بارمتە و هەمیشەیی. جگە لەوە، رۆڵەکانی پارێزگا لە دامەزراندن لەزۆرێک لە وەزارەتەکان بێبەشکراون. هەروەها پارێزگاکە لە بودجەی ئیتیحادی کەم بەش کراوە. مافی سەڵاحەدین ٤،٣% یە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ ساڵانە لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار زیاتری وەرنەگرتووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ نموونە لە بودجەی ٢٠١١ کە ٩٠ ملیار دۆلار بوو بەشی پارێزگاکە چوار ملیارو دوو سەد ملیۆن دۆلار بوو بەڵام تەنها دەوری ١٢٠ میلۆن دۆلاری وەرگرتووە. بەڵام دهۆک بەحوکمی ئەوەی لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندایە وژمارەی دانیشتوانی ٦٥٠ هەزار کەسە، واتە ٢،٥% ی دانیشتوانی عێراق، لەمساڵدا سێ ملیارونیو دۆلاری وەرگرتووە، بەو مانایەی ئەوەی دهۆک بە ساڵێک بینای دەکات، سەڵاحەدین بە ٣٥ ساڵ دەیکات. ئەمە جگەلەوەی کە فیدراڵی گۆڕستانە بۆ مەزهەبگەرایی، چونکە پارێزگا کاتێک دەبێتە هەرێم ئەو تموحانە دەبڕێت کە دەیەوێت دەست بەسەر سەرچاوەکانی خەڵکدا بگرێت.

**ئەنجام**

فیدراڵی بۆ هەندێک لە وڵاتان گونجاوە نەک هەموویان، ئەو وڵاتانەی کە بچووک ویەک نەتەوەن و باشە بۆ ژیان، زۆر هۆکاری نیە بۆ ئەوەی فیدراڵی جێبەجێبکات، بەڵام وڵاتە گەورەکان ئەوانەی کە فرە کەمینەن ولە ناوچەکەدا هەن، باشترواپە فیدراڵی وەك دواچارەسەرە بۆ سیستەمی سیاسی دامەزراو هەڵبژێرن. سیستەمی فیدراڵی گەرەنتییە بۆ رێگرتن لە گەڕانەوەی رژێمی دیکتاتۆری بۆ دەسەڵات. بێگومان رێگەی گەشەکردنی دەوڵەتە فیدراڵیەکان جیاوازەو بەپێی  ئەو دۆخە رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی ونێودەوڵەتیە دەگۆڕێت کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانیان. بەڵام ئەزموونی فیدراڵی لە عێراقدا بەو شێوەیە جێبەجێنەکرا کە لە ماددەی دەستووریدا دەبێت وا دروست بکرێت جگە لە هەرێمی کوردستان کە دەستیکرد بە لامەرکەزیەت بەر لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی لەدوای ٢٠٠٣.پێویستە دەستبکرێت بە کاراکردنی ئەو داوایانەی لەلایەن لیژنەو کۆنفرانسەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق پێشکەشکراون. بەرزکردنەوەی داوای ئەو پارێزگایانەی کە دەیانەوێت بکرێنە فیدراڵی بۆ کۆمسیۆن کە بە پێی یاسای ١٣ سالی ٢٠٠٨ ماددەی ٥ کە لە یاسا یەکەمەکانە تایبەت بە پرۆسەکانی پیکهێنانی هەرێمەکان گشتپرسی جەماوەری لەسەر بکات.